ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئیسلام و عەلمانیەت

## بەیەکگەیشتن و لێکدابڕان

فازڵ قەرەداغی

*لە پاشکۆی (پرد)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە (ژمارە ١٢٦ لە ٢٠٠٨/١٢/٢٧) بڵاوبۆتەوە.*

*پاشکۆکە سێ کەسی تری بۆ بابەتی پەیوەندیی ئیسلامی– عەلمانی هەڵبژاردبوو: ئەبوبەکر حەمە صدیق، ئاوات ئەحمەد، شوان ئەحمەد.*

*داواکارییەک: بەڕێزانێك پێشتر بابەتی تری خۆم لە (زاگرۆس)ـەوە وەردەگرتو بۆ سایتی تر دەیانناردن.. داواکارم ئەم بابەتەو بابەتی بۆ شوێنی تر نەنێرن لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ئەو برایانە.*

* * * * * *

وەك چۆن بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ئیسلامو عەلمانیەت هەیە، وەهاش بۆچوونی جیاواز لەبارەی پەیوەندیی ئەم دوانە بەیەکترەوە هەیە. دەوڵەتی عەلمانیو دەوڵەتی ئیسلامی، حیوارو لەیەك دابڕان، عەلمانیـەت لەجیهانداو عەلمانیەتی کوردی، عەلمانیەتی دەسەڵاتی کوردیو عەلمانیەتی ئەوانەی دەسەڵاتدار نین... ئەوانەو هـی تـر لـەم باسەیان زۆرتر دەوێت، بۆیە پێویستە ئەم باسە نازناوی ((کورتە)) وەربگرێت.

بـا سـەرەتاش ئاشـکراکردنی تێگەیشـتنێکی بـاو و هەڵـە بێـت، هەڵەیەکـە زیـاتر هەسـتێکی دەروونییـەو حـوکمی پێوانەکانمان دەکاتو بیروباوەڕەکان بۆ ڕاستو ناڕاست جیادەکاتەوە. لەپشتی ئەو هەستەش هەژاریی فیکریی زۆر کەس، پاش وردبوونەوە، ئاشکرا دەبێت.

### بیروباوەڕی بڵاوتر مەرج نییە بیروباوەڕی دروستتر بێت

وشەیەك لە پرسیاری یەکەم (ئەم پرسیارانەی بۆ ئەم تەوەرەیە پێم دران بەڵام هەر خۆیان ناچاریان کردم پابەندیان نەبم) بەشێك لە وەڵامی ئەو پرسیارە فەرامۆش کراوە دەگرێتە خۆ. پرسیارەکە وشەی (شەپۆل)ی تێدا بوو، باسیش لە شەپۆلی دیموکراسیو ماف مرۆڤ و..و.. بوو. بۆیە بەپاڵپشتی ئەو وشەیە دەڵێم، ئەوەشی دەیڵێم داهێنـان نییـە چونکە هەموو کەس دەیزانێت، کە هەرچییەك لە کوردستاندا هەیە کەوتۆتە بەر شەپۆل، ئیتر ئەگەر حکومەت بێت یان حزبەکان بن، دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات، هاووڵاتیو ڕۆشنبیر.

هەرچییەك دەوترێت، بێگومان ئەوەی دەکرێت کەمتر چونکە وتـن لـە کـردار زۆرتـرە، ئـەنجامی ئـەو شـەپۆلەیە، شەپۆلەکەش ئەمەو ئەمەیە کە دەیبینین، خۆ ئەگەر ئەوەو ئـەوەی تـر بێـت شـتێکی ترمـان دەبـینیو دەبیست. ڕوونتری بکەمەوەو بڵێم: ئەگەر لەجیاتی دیموکراسیو ماف مرۆڤ شەپۆلەکە ئایدیۆلۆجیایەکی تر بوایە، بۆ نموونـە ئایدیۆلۆجیای فاشی، ئەو کاتە لەکوردستاندا، وەکو هەموو وڵاتێکی دواکەوتووی تر، تەوژمێکی فاشیمان دەبـینی خۆی لەناو جەستەی حزبێك یان چەند حزبێکی فاشیدا دەنواند. ئەوەش، واتە کاری لاسایی، هەرچەندە پشتگیریی

خۆی لە نموونەی زۆری مێژوویەکی کۆنتری جیهانەوە وەرگرتووە بەڵام بەشێوەیەکی نوێتر هەیەو بینراوە، دووریی ئەو نوێیەش لە زەمەنی ئێمە ناگاتە هەشتاساڵ. لە ماوەی نێوان دوو جەنگی جیهانی ڕەوتی فاشی برەوی سەندبوو. بەرجەستەبوونی دیارو بەهێزی فاشیەت لە ئەڵمانیای نازیو ئیتاڵیادا بوو، سیحرو کاریگەریی گەورەش لە یەکەمیاندا بوو، ئەڵمانیای نازی سەرکەوتنە یەکەمەکانی خستە پاڵ سیحری ئایدیۆلۆجیا نازییەکەی، تەنانەت پاش شکستی ئەڵمانیاو تیاچوونی نازیەتەکەی ئەو سیحرە هەر مابوو، شکستەکەش بەشێوەیەك بوو لە جۆرە سەرکەوتنێك دەچوو، ئەڵمانیا لەسایەی نازیەتدا لە زەلیلیی پەیمانی ڤێرسای ڕزگاری بوو، بووژایەوەو دوایی لە جەنگدا سەرکەوتوو بوو، شکستەکەشی لەبەر گەلەکۆمەکیی هاوپەیمانان بوو.

فیکری فاشی بۆ دوای جەنگی دووەمیش هەر مابوو، لە فاشیەتیش کۆنترو درێژخایەنتر فیکری چەپ بوو بەتایبەت مارکسیەت کە یەکێتیی سۆڤیێتەکەی یەکێك بوو لە سەرکەوتووەکانی جەنگەکە. تا یەکێتیی سۆڤیێتو دەوڵەتە سۆشیالیستو کۆمۆنیستەکانی ئەورووپاش مابوون سیحرو کاریگەریی مارکسیەت مابوو، هەمووشمان پاشەکشەی مارکسیەت پاش هەڵوەشانی ئەو بلۆکە ڕۆژهەڵاتییەمان بیر ماوە.

ئەمڕۆ بیروباوەڕی دیموکراسیو ماف مرۆڤ، لەوانیش کەمتر عەلمانیەت، بوونەتە بیروباوەڕی باوی جیهان، بەرامبەر بەوانیش بیروباوەڕی ئیسلامی دیسان باوە، بەڵام ئەمیان لەناو جیهانی ئیسلامیدا. پرسیارێکیش پشتی بە ئەزموونی مێژوو بەستبێت ئەوەیە ئایا بڵاوبوونەوەی ئەو بیروباوەڕانە بەسە بۆ ئەوەی حوکمی ((دروستی))یان لەسەر بدەین؟ کەواتە بەکورتی ئەوەی سەرکەوتووە لەپێشەوەیە، فیکری ئەویش، ئەگەر فیکری هەیە، دەبێتە شەپۆل، نانی سەر خوانی ئەمڕۆش مۆدیلە ڕۆژئاواییەکەی دیموکراسییە کە شان بەشانی کۆمۆنیزمو فاشیەت بڵاو بوو بەڵام پێش ئەوان هەبووەو لەوان زیاتری خایاندووە (بێئەوەی ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە هەردوو مۆدێلە کۆنەکەی فاشیەتو مارکسیەت دیسان مۆدێلێکی ڕۆژئاوایین). تێبینییەکیش جێگەی خۆیەتی لێرەدا بکرێت ئەمەیە: سبەی ئەگەر عەلمانیەت بەر لەعنەتی جیهان کەوتو تەوژمی گەورە بووە ئایینیو ئوسوولیەت (باوەڕم بە زاراوەی ئوسوولیەت نییە بەڵام بە ناچاری بەکاری دەهێنم) کوردستان بێبەش نابێتو دەبێت ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ ڕێگە بە پاڵەپەستۆو مونافەسەی عەلمانییەکانی ئەمڕۆو ((ئوسووڵییەکانی)) سبەی بکەن.

بەشێوەیەکی گشتیش کاریگەریی شەپۆلی دوو تەوژمی ئیسلامیو عەلمانی دیارە" دوو ڕەوتی باوی جیهانی هەن یەکێکیان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەیەو ئەوەی تر لە وڵاتانی تری جیهاندا برەوی سەندووەو دەیەوێت جێگەی خۆی لەناو جەماوەری موسڵماندا بکاتەوە.

ئەوە گرنگ نییە بیروباوەڕ بە شەپۆل هاتبێت یان لەسەر پشتی کیسەڵێك، گرنگ بیروباوەڕەکە خۆی، ئەم پێشەکییەی سەرەوەش بۆ ئەوەیە خۆمان لەو وەسوەسەیەی عەقڵی دوور لە وردەکاری بپارێزین کە تووشی کەسانێك دەبێت، کە بێگومان کەسانێکن تا بڵێیت زۆرن، خۆیان بە پەیڕەوکەرانی عەقڵ دەزانن بەڵام بزانن یان نەزانن بەپێی باویو بڵاوی حوکمی ڕاستیو ناڕاستی، باشیو خراپی بەسەر بیروباوەڕەکاندا دەدەن.

## عەلمانیەتی کوردی



ZAGROS WEBSITE

دوای ئەو پێشەکییە کەمێك ئاڵۆزە پرسیارێکی زۆر سادە دێتە بەردەممانو دەڵێت: عەلمانیەتەکەی کوردستان چ جۆرێکە؟

کوردستان وەکو ستانەکانی ترەو هیچ شتێکی نویٚ لەگۆڕێدا نییە. عەلمانیەتی کوردی، وەکو عەلمانیەتی وڵاتانی تری ئیسلامی، یەك جۆر نییە وەك چۆن ئیسلامییەتەکەشی یەك جۆر نییە. لەلایەك عەلمانیەتی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە هەیە، لەلایەکی تریشەوە عەلمانیەتی کەسانی تری دەرەوەی دەسەڵات هەیە. دووەمیان شێوازی جۆراوجۆری هەیە، پەڕگیری هەیەو میانڕەو، هەر هەمان تێکەڵەی ئیسلامی لە پەڕگیریو میانڕەوی (پێویستە لە دەرفەتێکی تردا لەبارەی پێوانەکانی جیاکردنەوە بۆ پەڕگیریو میانڕەوی بپرسین).

عەلمانیەتی دەسەڵاتی کوردی دیسان دوو جۆرە پەڕگیرو میانڕەوەکەی هەیە. هەر بەرپرسێك بەجۆرێكو هەر ڕۆشنبیرێکی ئەو دەسەڵاتە بەجۆرێك، بەڵام عەلمانیەتی دەسەڵاتی کوردی وەکو دیموکراسییەکەیەتی، وەکو ئازادییەکەیو مافی مرۆڤەکەیەتی، وەکو لێنەهاتوویی ئیداریەتی، وەکو نەخشەو بەرنامەکانێتی کە بێبەرنامەییە، وەکو سەرجەم فیکرێتی کە نەبوونی فیکرە.

عەلمانیەتی دوو حزبی دەسەڵاتداری بەرهەمی قەناعەتێکی فیکری نییە. ئەوە شەپۆلەکەیە ئەو عەلمانیەتەی بۆ هێناون بۆیە هەر کەسێك (بەرپرس یان ئەندامی ئاسایی) بەپێی توانای مەلەوانیی خۆی لەگەڵ شەپۆلەکەدا ڕۆشتووەو بەئەندازەی حەزی خۆی بۆتە پەڕگیر یان میانڕەو. بەکورتی وەحدەیەکی فیکری لەناو ئەو دوو حزبەدا نییەو باشترین حاڵەتیان ئەو قسە گشتییەیە کە پێویستە دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە.

عەلمانیەتی دوو حزبی دەسەڵاتدار وەکو هەموو ((پلان))و کارەکانی تریێتی، واتە کاتو کار بەڕێکردنە، تەرحەکەشیان، بە تەرحەکانی ڕۆشنبیرانیشییانەوە، هیچ نییە جگە لە قسەکەی سەرەوە کە زۆر جار دەیسەلمێنن کە خۆیان یەکەم کەسن پێشێلی دەکەن کاتێك وەکو حزبو وەکو حکومەت خۆیان دەخننە ناو کاروباری ئایینییەوە.

بەڵیٚ" عەلمانیەتی دەسەڵات تەنها قسەی ((جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت))ـەو لەجیاتی دەوڵەمەندکردنی ئەو قسەیە بە (خوا نەخواستە) فیکر، قسەکە بیٚ ناوەڕۆك دەهێڵنەوە کاتێك دەست لە کارەکانی ئاین وەردەدەن. هەندێك جار ئەو دەستوەردانە بە زیانی ئیسلام کۆتایی پیٚ دێت هەروەکو بڕیارەکانی ئەوقاف (کە ناوم ناوە "ئیقاف" چونکە کاری یەکەمی وەستاندنی ئیسلامە لە گەشەکردن) کە ئاین دەخاتە خزمەتی دەسەڵاتێکی دوورلە ئاین، شەرعیەتی ئاینی بۆ دەسەڵاتێك دەدۆزێتەوە کە شەرعیەتی ئاینیی لا مەبەست نییە، بڕیار بۆ مزگەوتو مەلاکان دەدات، موحاسەبەی مەلای ڕەخنەگر دەکاتو چاوێکی مۆن پیشانی مزگەوت دەدات (ئیقاف ناهێڵێت ڕووبەری ئەو مزگەوتەی دروست دەکرێت لە دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر بێت، ئەوە ئەگەر کۆسپی تری بۆ دانەنرا، بۆ ئەوەی هەموو کەس مزگەوت دروست نەکاتو لەهەمان کاتدا ئاسانکاری بۆ کەنیسەو هاوشێوەکانی دەکات).

دەسەڵاتی عەلمانیی کوردستان، وەکو ئەوانەی وڵاتانی تری ڕۆژهەڵات، تەنها لەو کاتەدا دین لە دەوڵەت جیا دەکاتەوە کە ئاین لەلایەن هێزێکی ترەوە تەرح بکرێت، غەیری ئەوە، واتە کاتێك خۆی پێویستی بە ئاین بێت کەس بەرامبەر ئارەزووەکەی ناوەستێت. جاریش هەیە ئەو دەستوەردانە دەبێتە نموونەیەکی هەزەلی وەکو ڕەمەزانی



ZAGROS WEBSITE

ساڵی ٢٠٠٣ بوو کە مام جەلال بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی عیراق و بۆ یەکخستنی جەژنی سلێمانی لەگەڵ ئەوەی عیراق بڕیاری جەژن لە ڕۆژێکدا بۆ سلێمانی درا کە لەئەنجامداو بۆ یەکەم جار لە مێژوودا مانگی ڕەمەزان (یان هەر مانگێکی تری عەرەبی) بووە ٢٨ ڕۆژ. باقی چیرۆکەکەش هەڕەشە بوو لەو مەلایانەی دژ بەو بڕیارە قسە دەکەن. نە سەیریشەو نە شایەنی پێکەنینە کە ئەو کاتە دکتۆر بەرهەم، کە بەشێکی زۆری ژیانی لە ئەمەریکادا بردۆتە سەر، سەرۆك وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو چونکە لە ئەمەریکادا ئوسوولییە مەسیحییەکان (ئینجیلییەکان) کارێکی گەورە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکاو بەتایبەت ئیدارەی جۆرج بوش دەکەن، بۆیە ئەو دەستوەردانە بۆ دکتۆر بەرهەم ئاسایی بوو.

## گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی کێشەکە

سەرەتای کێشەی عەلمانیەت، هەروەها بەشێکی تەوژمی ئیسلامی، لەو خۆبەدەستەوەدانو مەلەکردنەیە لەگەڵ شەپۆل بێئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە تا چەند ئەوە ڕاستەو چەند خزمەت بە کوردستان دەکات. زۆریش باسی ئەوە کراوە کە عەلمانیەت لە ڕۆژئاوادا سەریهەڵدابوو و چارەسەری چەند کێشەیەکی تایبەت بەو ڕۆژئاوایە بوو لەکاتێکدا جیهانی ئیسلامی ئەو کێشانەی نەبوو بۆیە عەلمانیەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا باوەڕێکی بێبناغەیەو وەڵامی پرسیارێکە کە نەکراوە.

وردەکاریی ئەمە لە دەرفەتێکی وەکو ئەم دەرفەتەی ئێستا پێویستە خێرا بێت:

سەرچاوەی کێشەکە لە ڕۆژئاوادا لەوەدا بوو کە ململانەکە لەنێوان پیاوانی ئایینو پیاوانی عەلمانی بوو. عەلمانیەت لە ئەسڵدا لەوەوە هاتووە، واتە عەلمانییەکان کەسانێك بوون سەر بە ئیکلیرۆس نەبوون، بۆیە لەلایەك قەشە هەبوو و لەلاکەی تر فەرمانڕەوای عەلمانی، لەلایەك دەسەڵاتی ڕۆحیو لەلاکەی تر دەسەڵاتی دنیایی. سەرچاوەی قووڵتری کێشەکەش وتەکەی مەسیحە (کە گومانم هەیە وتبێتی هەرچەندە وەکو دەقێك هاتووە) ئەویش: ئەوەی هی خودایە وازی لێبێنە بۆ خوداو ئەوەشی هی قەیسەرە وازی لێبێنە بۆ قەیسەر.

ئەو جیاکردنەوەیەی مەلەکووتی ئاسمان لە مەملەکەتی زەوی وەکو مەسەلەی ئەو زوهدو دونیا نەویستنەی لەناو مەسیحیەتدا بڵاو بوو. زوهدو نەویستنی دنیا بەهایەکی بەرزی مەسیحییەت بوو، بەڵام ژیانی دونیایی پێویستییەکەو مرۆڤ ناتوانێت باز بەسەری بدات بۆیە مەحروومییەکی ئیختیاری دروست بوو کە دوایی بوو بە کەبت، ئەو کەبتەش مرۆڤەکانی تووشی گوناه کرد. بەواتایەکی تر بەناوی زوهدو دونیا نەویستن خۆیان لە حەڵاڵ دوورخستەوە بەڵام ئەنجامی ئەوە کەوتنە ناو گوناه بوو، بۆ نموونە تەماشاکردنی سێکس، ئەگەر شەرعیش بێت، وەکو کارێکی قێزەون، ئەوەش یاخیبوونێك بوو دژی سروشتی مرۆڤ بۆیە ئەو کەبتە تووشی گوناهی کردن، واتە زیناکردن، کە کاری سێکسی ناشەرعییە.

حاڵەتی دەوڵەتیش شتێکە لەم بابەتە: پابەند بوون بە وتەکەی مەسیح (دیسان دەڵێم گومانم هەیە وتبێتی) واتای ئەوە بوو مەسیحییە دیندارەکان دوور بن لە کاروباری دەوڵەت، بەڵام ئەوە واتای ئەوەیە دەوڵەت لەدەستی کەسانێك بێت دەکرێت دیندار بنو دەکرێت بایەخ بە ئاین نەدەن ئەگەر دژ بە ئاین نەبن، بۆیە سروشتی شتەکان پاڵی بە

کەنیسەوە نا چاو لەئاست ئەو وتەیەی مەسیح بنووقێنێتو دەست بخاتە ناو کاروباری دونیاییەوە.
هیچ کام لەو کێشانە لە ئیسلامدا نەبوون. ئیسلام ئاینی هەردوو دنیاو ئاخیرەتە، ئەوەش کە لە مەسیحیەتدا بە کارێکی نەگریس زانرا، بەتایبەتی پەیوەندیی پیاو و ئافرەت، ئیسلام بە پەیوەندییەکی پێویستی زانی کە لەهەندێك حاڵەتدا دەبێتە واجب، واتە ئەو پەیوەندییە دنیاییە بە تێکدانی حاڵەتە ئیمانییەکە نەزانرا بەڵکو بەپێچەوانەوە پارێزەری ئەو حاڵەتە بوو، بۆیە پێغەمبەری ئیسلام نەیوت ژن مەهێنن با پاکیتان چڵك نەگرێتو ڕوونیی ڕووحیتان تاریك نەبێت، بەڵکو فەرمانی دا ئەوەی توانای ژنهێنانی هەیە ژن بهێنێتو تەنیا نەمێنێتەوە.
جیانەکردنەوەی دنیا لە ئاخیرەت بەو جۆرەی لە مەسیحیەتدا هەیە لەکاروباری دەوڵەتیشدا دەبینرێت. ئیسلام لە ڕۆژانی دوای کۆچ کردنەوە بۆ (مەدینە) دەوڵەتێکی بەڕێوە دەبرد، دەوڵەتێکیش کە لەسەر بناغەی ئیسلام بێت نەك تەنها شتێکی ((باشە)) هەبێت بەڵکو شتێکە پێویستە هەبێت تا ئاین پارێزراو بێت. ئاین لە مەترسیدایە ئەگەر لە دەستێکی نائەمیندا بێت، ئەو دەستە نائەمینەش مەرج نییە دەوڵەتێکی بێباوەڕ بێت دژایەتیی ئاین بکات، بەڵکو هێندە بەسە بۆ دروستکردنی ئەو مەترسییە ئاین بایەخی لای دەوڵەت نەبێت. لەمەوە خۆخەڵەتاندنە ئەگەر ئیسلامییەك بەلایەوە ئاسایی بێت دەوڵەت عەلمانی بێت، ئەو عەلمانییەش دەمانخەڵەتێنێت کاتێك دەڵێت دەوڵەتی عەلمانی ڕێز لە ئاین دەگرێت بەوەی نەهێڵێت ئەو ئاینە خۆی بخنێتە ناو کاروباری دەوڵەتو سیاسەتەوە. پرسیارەکەش زۆر سادەیە: لەکەیەوە بایەخنەدان بە شتێك یان کەسێك نیشانەی ڕێزە؟

## چی بۆ حیواری ئیسلامی-عەلمانی دەمێنێتەوە؟

چەند حەزمان لە حیوار بێتو چەند بەپێویستی بزانین بەڵام نابێت ئەو حیوارە لەسەر ئەساسی خۆخەڵەتاندنو بەرامبەر خەڵەتاندن بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەشی ئەو حیوارە دەمێنێتەوە.
عەلمانییەکان دەڵێن شەپۆلەکە جیهانی گرتۆتەوەو ناکرێت لەو جیهانە دواکەوین. ئیسلامییەکان بیروباوەڕەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ دەقێك سەرچاوەکەی خوداییە، لەبەرئەوە ناکرێت تەنازولی لێ بکرێت (زۆر جاریش بڵاوبوونەوەی ڕەوتی ئیسلامی لەجیهاندا دەکەنە بەڵگەیەکی تر). ئەگەر لێرەشدا ئیسلامییەکانو عەلمانییەکان بوەستن دەبێت تا هەتا بوەستن، بەڵام دیارە زەوییەك هەیە کە هەردوو دەتوانن پێکەوە لەسەریدا هەبن.
سەرەتاکە بەدروستی دەستنیشان کرا: ئیسلامییەکان دەوڵەتێکی ئیسلامییان دەوێت (کەیو بە چ شێوەیەك؟ ئەوە مەسەلەیەکی ترە)، عەلمانییەکانیش دەوڵەتێکی عەلمانییان دەوێت. ئەمە ڕاستگۆییە بەڵام خواحافیزی نییە چونکە شتی هاوبەشی زۆر دەمێننەوە هەردوو لا کاری لەسەر بکەن، نموونەی پاراستنی قەوارە لەقەکەی کوردستان نموونەیەکە لەو زۆرە.
یەکەم خاڵی حیواری ئیسلامی—عەلمانی بریتییە لە خستنەڕووی بیروباوەڕەکە. هەر لایەك بۆچوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو تا چیتر بە هەڵە لەیەکتر تێنەگەن. سەرچاوەی بەشێکی کێشەکانیش ئەو ((بەهەڵە تێگەیشتنە))یە. دووەم هەنگاو بزانرێت کامەن خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئیسلامییەکانو عەلمانییەکان. لەمیانەی ئەو هەوڵانەش هەردوو ئەگەر پەرگیرییان هەبێت بەرەو میانڕەوی دەچن، میانڕەویش کێشەی زۆر چارەسەر دەکات. ئەوەشی تێبینم



ZAGROS WEBSITE

کردووە، لە ئێستاو لە مێژووی کوردستان، ئەوەیە کورد ئاینی لەیەك کاتدا بە دوو شێوە وەرگرتووە: لەلایەك زۆر بۆ ئاینەکەی دڵگەرم بووەو ئامادە بووە خۆی بۆ بەخت بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو ئاینەی میانڕەوانە وەرگرتووەو فیکری پەڕگیر لەناو کورددا کەمتر جێگەی خۆی کردۆتەوە. ئینجا هەق نییە ئەو ئاواتە بخوازین: ناکرێت سوود لەو گیانەی میانڕەوییە وەربگیرێت؟

حاڵەتە سەیرەکەی گیانی پەڕگیری ئەوەیە پەڕگیر لەناو ئیسلامییەکاندا زیاتر کاریگەریی دەرەوەی کوردستانی بەسەرەوەیە (نوێترینیان فیکری قاعیدە)، پەڕگیری لەناو عەلمانییەکانیشدا دیسان کاریگەریی دەرەوەی بەسەرەوەیە (عەرەبی کۆنە چەپی تازە لیبراڵی)، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە پەڕگیریی ئیسلامی زمانێکی نێونەتەوەیی هەیە لەکاتێکدا پەڕگیریی عەلمانی زمانی نەتەوەیی بەکار دەهێنێت. بەم شێوەیە هەردوو لا ئەسڵە کوردییە میانڕەوەکەیان ونکردووە بەڵام هەر یەك بەشێوەیەك.

## کێن ئەوانەی دژ بە حیواری ئیسلامی-عەلمانین؟

کەواتە هەردوو لایەن بەشی ئەوە خەڵکیان هەیە دژ بەو حیوارەو لەیەك تێگەیشتنە بن. ئەوانەی پاکیی بیروباوەڕ لەوەدا دەبیننەوە کە ئەوەی تر قبوولْ نەکەن حیوارەکە بە شتێکی بێمانا دەزانن، هەردوو لاش، بە میانڕەو و پەڕگیریانەوە ئامانجێکیان هەیە: ئیسلامی بۆ دەوڵەتی ئیسلامیو عەلمانی بۆ دەوڵەتی عەلمانی بۆیە بۆچوونی ئەوانەی حیوارەکە بە شتێکی بێمانا دەزانن شتێك لە مەعقوولیەتی تێدایە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ئەو مەعقوولیەتە تەنها ئەو مەبەستە سەرەکییە دەگرێتەوە ئەویش شێوەو ئاڕاستەی دەوڵەتو کۆمەڵگەی خەون پێ بینراو، بەڵام لەدەرەوەی ئەو مەبەستە وردەکاریی زۆری تر هەن حیوارەکە دەکەنە شتێکی ناچاری. پاشانو وەك وتم ئەوەندە شتی هاوبەش هەن نەك تەنها حیوار بەڵکو هاوکاریی یەکتریش دەکەنە زەرووڕەت.

ئەو کەسانە دیارن کە لە لایەنی ئیسلامی دژ بە هەر نزیکبوونەوەن لەگەڵ عەلمانییەکان، ئەوانە هەر جۆرە نزیکبوونەوەیەك بە پیسکردنی پاکیی بیروباوەڕ دەزانن، واتە دژایەتییەکە لەسەر بناغەی بیروباوەڕە، ئەوانە تەنانەت موحاکەمەی کەسو لایەنی ئیسلامیش دەکەن لەسەر هەڵوێستێك، قسە بێت یان کردار، کە بەبۆچوونی خۆیان ئەو پاکییە عەقیدەییە دەشێوێنێت، ئەو حاڵەتانەش زۆرن کە خاڵی ڕەخنەلێگیراو لەو جۆرە مەسەلانەن کە بە زاراوەی فیقهی ئیسلامی (خیلافین) واتە زانایان لەبارەیانەوە یەك دەنگ نین. ڕەنگە ڕەخنە وشەیەکی سووك بێت بۆ هەڵوێستی ئەو کەسانە چونکە لە زۆر حاڵەتدا ((ڕەخنەکە)) بریتی دەبێت لە تەکفیر.

لەلایەنی عەلمانیش دیسان ئەو کەسانە هەن کە لەسەر هەمان بناغە دژایەتیی ئیسلامییەکان دەکەن، بەڵام ئەوانەش زۆرن کە لەبەر بەرژەوەندی ئەو دژایەتییە دەکەن، بۆیەش بەرژەوەندی دێتە مەیدان چونکە ئەو مەیدانە بەدەستی دەسەڵاتێکی عەلمانییەوەیە، خۆ ئەگەر حاڵەتەکە پێچەوانە بێتو ((ئوسوولییە)) ئاینییەکە لە دەسەڵاتدا بێت، بۆ نموونە ئێران، خواستی پاراستنی بەرژەوەندی لە تەرفی ئیسلامییە ((ئوسوولی))یەکەوە دێت.

وتم بیروباوەڕ سەرچاوەی یاخیبوونی ئیسلامییەکی دەرەوەی دەسەڵاتە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە بەشێکی ئەو ڕەفزەی دەسەڵاتی عەلمانییە دەگەڕێتەوە بۆ بێبەش کردن. لەحاڵەتی کوردستاندا ئیسلامییەکە لەو شتانە



ZAGROS WEBSITE

بێبەشە کە عەلمانییەکەی ناو دەسەڵات هەیەتی، دیسانەوەش حاڵەتی پێچەوانە هەیە، دیسانەوەش حاڵەتی ئێران وەکو نموونە هەیە.

بەم شێوەیەو بە لاسایی کردنەوەی پێشبڕکێکانی فووتبۆڵ ئەو دوو تەرەفە، پەرگیری ئیسلامیو پەرگیری عەلمانی لە مەیدانی حیوار دەچنە دەرەوە.

حاڵەتێکی سەیرو خۆشیش هەیە لەناو عەلمانییەکاندا (کە لەسەرەوەدا بەخشکەیی بەلایدا تێپەڕیم) ئەویش کە زۆربەی لیبراڵە ((پەرگیرەکان))، ئەوانەی بەناوی لیبراڵییەتەوە گەورەترین دژایەتیی ئیسلامییەکان (زۆر جار تەنانەت خودی ئیسلامیش) دەکەن ئەوانەن کە تا پێش کەوتنی بلۆکی رۆژهەڵات مارکسی بوون، کاتی مارکسیەتیشیان دیسان پەرگیر بوون. کەواتە دیسان مەسەلە تەوژمو شەپۆلە، دوێنی چەپو ئەمڕۆ دیموکراسیخوازو لیبراڵ، بەڵام ئەمجارەیان هاندەری زۆر لەو کۆنە چەپی تازە لیبراڵانە، لە کوردستانو غەیری کوردستان، بریتییە لە گەڕان بەدوای بەرژەوەندیی ماددیی دەستی دەسەڵات، جاری واشە ئەو دەسەڵاتە تا بڵێیت پێشەوایەتییەکی تەقلیدییە، یان ئەگەر وشەکانی ئەوان بەکار بهێنین، کۆنەپەرستە.

ئەو بوونەوەرە شێواوانە ئەوانەن کە ئاڵای ڕەفزی بەرامبەر هەڵدەگرن، مەرجیش نییە ئەو بەرامبەرە ئیسلامی بێت چونکە دەکرێت.. نەخێر! بەچاوی خۆمان بینیومانە ئەو بەرامبەرە عەلمانییەکی تر بووە، بۆ نموونە حزبێکی عەلمانی تر بووە، یان ئەندامێکی حزبێکی عەلمانیی تر ، یان عەلمانییەکی سەربەخۆ.

چۆن دەتوانرێت پردێك بۆ ئەوبەر دروست بکەیتو بگەیتە ئەو کەسە شێواوە شێوێنەرە؟ ئەو کەسە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا شوێنی بەرژەوەندییەکی ماددی کەوتووە (وەك بڵێیت بیەوێت قەرەبووی ئەو کاتە بکاتەوە کە شوێنی ئایدیۆلۆجیای ڕەشورووتەکان کەوتبوو)، بەوەش ناوەستێتو دەسەڵات دژی ئیسلامییەکان هان دەدات، هەرکاتێکیش دەسەڵات یان حزب کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتێك یان حزبێکی تری عەلمانی هەبێت ئەو لە بەرەی پێشەوەی جەنگ دەبێت. حاڵەتی کۆنە چەپی تازە دیموکراسیخوازو لیبراڵ حاڵەتە باوەکەیە، ئەگینا کۆنە چەپی تریش هەن بە قەناعەتەوە بوونەتە تازە دیموکراسیخواز، واتە هەڵگەڕاوەیەکی شەریفن، بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا کاریگەریی شەپۆلی بیروباوەڕی باو دیارە.. ئەمەیان ئەهوەنترە.

کەواتە جۆرە باوەکەی کۆنە چەپی تازە دیموکراسیخوازیش لە گۆڕەپانی حیوار دەچێتە دەرەوە.

دەمێنێتەوە دەسەڵات.. ئاخ دەسەڵات! سەرچاوەی هەموو شێواندنەکانە، هۆکاری ناڕەزایی بێبەشەکانە، کارگەی نەیارە پەرگیرەکانە، لانەی پەرگیرەکانی دژ بە حیوارە، بەڵام لەهەمان کاتدا لاف لێدەری سنگفراوانییە، ئیددیعاچیی گەورەی میانڕەوییە، بەقسە باوکی ئازادیو مافی مرۆڤو دیموکراسییە.

دەسەڵاتی کوردی بە چنگو ددان کورسییەکەی گرتووەو بەریناداتی چونکە کورسییە لە زێڕ دروستکراوە (چیتان دیوە؟! سبەی کۆمپانیاکان نەوت دەردەهێننو نیو بەنیو یان شتێك کەمتر بەش دەکرێت)، لەبەرئەوە ئەوەی دەیەوێت حیواری لەگەڵدا بکات پێویستە بزانێت داوای چی بکاتو داوای چی نەکات، بەرلەوەش ئەو ڕاستییە بزانێت کە دەسەڵات یەك گوێچکەی هەیە سامان کەری کردووە، پێی دەبیستێت بەڵام گوێی پێ ناگرێت.

حیواری ئیسلامی– عەلمانی (چاپی دەسەڵات) قسەیەکی زیادەیە چونکە دەسەڵات پێویستی بەوەیە سەرەتا

حیواری عەلمانی–عەلمانی ساز بدات پاشان بیر لە حیواری ئیسلامی–عەلمانی بکاتەوە، بەڵام نەك تەنها ئەوە جێگەی گومانە بەڵکو خودی عەلمانیەتەکەشی جێگەی گومانە چونکە... چونکە لەسەرەوەدا باسم کرد چۆن بەپێی پێویست دەست وەردەداتە ئاین، ئەوە لە ڕەفتار، لە فیکریشدا لە قسەی ((جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت)) زیاتر نازانێت. تا بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانیشی لەگۆڕێدا بن فیکر شتێکی لەعنەتییە، لە باشترین حاڵەتیشدا سەریەشەیەکی زیادەیە.

کەواتە دووبارەی دەکەمەوە: عەلمانیەتی دەسەڵاتی کوردی وەکو دیموکراسییەکەیەتی، وەکو ئازادییەکەیو مافی مرۆڤەکەیەتی، وەکو لێنەهاتوویی ئیداریەتی، وەکو نەخشەو بەرنامەکانێتی کە بێبەرنامەییە، وەکو سەرجەم فیکرێتی کە نەبوونی فیکرە.

## دوور لە دەسەڵات

تا ئەو کاتەی دەسەڵات دێتەوە هۆش خۆی (ئەگەر ! ) پێویستە ئیسلامییەکانو عەلمانییەکان لەیەکتر بگەنو بزانن چی هەیە کۆیان دەکاتەوە، هیوای ئەوەشم نییە هەرچەندە حەز دەکەم، ئەگەر باسی خۆم بکەم، ئەو عەلمانییانە بکەمە ئیسلامی، بەڵام لەکۆتاییداو ئەگەر نەتوانم یەك عەلمانی قەناعەت پێبکەم یان ئەو قەناعەتم پێبکات شتی زۆرمان دەست دەکەون:

یەکەم: لەنزیکەوە یەکترمان دواندو لە یەکتر تێگەیشتینو چیتر لەسەر بناغەی زانیاریی هەڵە حوکم نادەین.

دووەم: هەندێك وردەکاری لە بیری ئیسلامیدا هەن پێویستیان بەپێداچوونەوەیەو حیوار لەگەڵ بەرامبەر دەرفەتن بۆ ئیسلامییەکان بۆ ئەو پێداچوونەوەیە، بەهەمان شێوەش بۆ بیری عەلمانی کە ئەو حیوارە دەبێتە دەرفەت بۆ پێداچوونەوەی هەندێك لە وردەکارییەکانی ئەو بیرە.

سێیەم: ئەو نەریتە کوردییە زیندوو بکەینەوە کە بریتییە لە میانڕەوی لە ئاینو لە فیکردا، دەمێنێتەوە بەشەکەی تری نەریتە کوردییەکە ئەویش حەماسەت بۆ ئاین.. ئێمەی ئیسلامی دەیکەین، عەلمانییەکانیش ئەگەر بیکەن زەرەر ناکەن، ئەو کاتەش ئیسلامییەکانو عەلمانییەکان زۆرتر لە یەکتر نزیك دەبنەوە.

ZAGROS WEBSITE